# تورعەرەبفارسانی

خاڵەبەکر
.8.200519
bakeramin@hotmail.com

لەهموو تەنگژەوئاستەنگ و گیرو گرفتێکا ئەو کسانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خەم و فرمێسك و هەناسەی ساردو ئارەقەیان ڕشتبێ و هەولێ و کۆشش و خەباتیان کردبێ بۆوەدیهێنانی ئازادی وولاتەکەیان، بڕوا ناکەم، لای کەس بەهەندبگیرێ گەر بێت و لێرەو لەوێ لەسەر چارەنوسسازی وولاتەکەیان ڕایەك یان بیرو بۆچونێك دەربڕن سەبارەت بە پشت گۆێ خستن و دابین نەکردنی ئەو داوا ڕەوایانەی کەمیللەتەکەی لەپێناویدا هەزارەها قوربانی و خۆبەختبونیان بەخشیوەوپێشکەشکردوە، ئەمەش بەرچاوگرتن و بە هاریکاری و هاوکاری هێزو بیروباوەڕی لەبن نەهاتووی گەل پشت ئەستووربوون و پێ داگرتنیش لە سەر مافە ڕەواکان خاڵی سەرەکی بەئەنجام گەیشتنی خواست و ویستەکانی ئەو نەتەوەیەیە کەچەندین ساڵە لەپێناویدا ژیان و گوزەران و سرەوتنی خۆیانیان لەو پێناوەدابەخشیوە بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکانیش درێخی نەکردوەو، هەر کاتێکیش دەرکی کردبێت پیلانێکی مەترسی داری ناوخۆیی یان دەرەکی ڕووبەڕوی بۆتەوە زیاتر لەپێناو مافە ڕەواکانی گەل بەمەبەستی وەدیهێنانی سەربەستی و ئازادی و مسۆگەرکردنی خواست و داخوازیەکانی تاکی کۆمەڵ و مافی مرۆڤ و مافی گەل پاشگەزنەبۆتەوە،لێرەشدا بڕوا ناکەم هیچ گللەییەکیی سیاسی و دینی بیگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کەسێکی خۆبەختی هەڵقولاوی نێو دۆزەخی گەلەکەیەتی ، هیچ نەنگیەکی تێدا نیە لەسەرئەوبڕیارە چارەنوسسازانەی کەڕووبەڕووی گەلەکەی دەبێتەوەبەشێوەیەکی دیموکراسیانە تەسریحات بدات پشت ئەستورانە بە گوفتارو ڕای گەل، پاشان بەڕاو بۆچونەکانی هاوکارە سیاسیەکانی دەوروپشتی خۆی ، بەڵام کەسێکی وەك سیستانی (تورعەرەبفارسانی) کەئێستاکە شاری نەجەف کردۆتە پایەتەختی دینی لەسەر شێوەی (قوم) ی ئێرانی و (بەغدا) شی کردۆتە پایتەختی سیاسەتەکانی خۆی لەسەر هەمان ڕێچکەو ڕێرەوی تاران..، ئایە ئەمە بە ئایدۆلۆژیای چ کەسێکی عیلمانی ڕەوایەو بەگەنی دەکات و لێ ی نایەتە دەنگ ....!لای چ تاکێکی کورد ڕەوایە(تورعەرەبفارس) ێکی دنیای جەهل و تاریکی دەم وەرداتە چارەنوسی گەلێك کە نازانێت زیاد لە 83 ساڵە پێ دەشت و دۆڵ و چیاکانمان لە جیاتی ئاو بە خۆێن ئاو ئەدەین، سیستانیەك کە نازانێت زیاد لە 83 ساڵە گەلی کورد لەپێناوی چیدا خەبات و تێکۆشان و قوربانی بەیەکەوە گرێ داوە.... ئایا سیستانی نازانێت گەلی کوردبەدرێژایی خەبات و تێکۆشان و برەو پێدانی شۆڕشی چەکداری بەشێوەیەکی گشتی و دانوستانە یەك لە دوا یەکەکانی لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ڕژێمی عێراق لە سەر چی بوە ... ئایا، سیستانی نازانێت گەلی کورد لەعێراقدا هەر لە ساڵی 1920 وە لەپێناوی چیدا خەبات دەکات و خۆێنی هاوگەلی خۆی بە شادەماری وەدیهێنانی ئازادی و سەربەستی و مافە سەرەکیەکانی دەزانیت ...ئایا سیستانی بەئاگایە لە جینۆسایدی گەلی کوردو بوونی گەلی کورد بەتاقیگەیەکی تاقیکردنەوەی گازی کیمیاوی و خەردەل و سیانیدو گازی ئەعساب ... ئایا سیستانی بەئاگایە گەلی کورد لە پێناوی چیدا ئەنفال کرا و 3839 گوندی ڕوخێنراو 1757 قوتابخانەی ڕوخێنراو تەفرو توناکراو لەگەڵ زەویدا بوون بە سووتماك و تەخت کرا... سیستانی بەئاگایە2457 مزگەوت بەو قورئانەوەی کە ئێستا فتواکانی لێ دەر ئەهێنێ و لێی هەڵ ئەهێنجێ بوون بەقەرەبرووت و سوتێنران ... ئایا سیستانی بەئاگایە 182 هەزار هەناسە بەزیندۆێتی زیندە بەچاڵ کران و بێ هەناسە کران، وەهەڵبجە پێنج هەزار ئایەتی تری خستە سەر ئایەتەکانی تری قورئان....! بەڵام( تورعەرەبفارسانی) تۆ هەڵە نیت ئێمە هەڵەین .. ئێمە هەڵەین کە سەر کردایەتیی کوردو سەرانی کورد تۆیان گەورە کردو لەساڵی پاردا مەلا ئاژاوە گێڕەکانی کوردستانیان بۆ زیارەت و دەست ماچ کردنت بەچوار دەستە نارد، سەرەك کۆماریش لە بەر دەمتا نوشتایەوەو لەبەر دەمتا بەچوار مشقی داتنیشان.. تۆ هەڵەنیت، گەر سەرانی کورد بڕیاردەر بوونایە ئەو دەمەی ڕژێمی خوێن و ئاگرو ئاسن تەفرو توونا بوو بێ قەیدوشەرتیش کەرکوکیشیان بخستایەتەوە باوەشی کوردوستان چ قوورەت بوو تۆو شۆفینیستەکانی تریش فرززەتان بکردایە .